محەمەد شیاع سودانی:حکومەت سەرکەوتوو بوو بەئیدارەدانی کاری خزمەتگوزاری لەسایەی سەقامگیری ئەمنی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئێوارەی ئەمە پێنجشەممە سەردانی بارەگای دەزگای دژە تیرۆری کرد و پێداچوونەوەی بە ئاستی ئامادە باشی سەرکردە و فەرماندەکانی دەزگاکە و یەکەکانی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە

لەگەڵ گەیشتنی بە بارەگای سەرۆکی دەزگاکە، بەڕێزیان لەگەڵ ئەفسەر و سەرکردە فەرماندەکان کەبووەوە و گوێی لە کورتەیەکی ئەمنی و سەربازی گرت کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی دەزگاکەوە پێشکێشکرا و گرنگترین هەنگاوەکانی پەرەپێدان و بەردەوامبوونی توانا مەیدانی و تەکنیکییەکان و جووڵەی یەکەکانی دەزگاکەی لەخەگرت.

لە وتارەکەیدا، سودانی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەرکی دەزگاکە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تەدەپڵەنەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو هەڕەشەکان بە سەر ئاسایشی نیشتمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگییە ئەمنییە جەراوجەرەکان لەخەدەگرێت، چونکە چیتر هەڕەشەکان لەلایەن پاشماوە شکستخواردووەکانی داعشەوە نوێنەرایەتی ناکرێن، بەڵام دەبێت ئامادەبن بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر هەوڵێکی تەکدەرانە کە هەوڵی

زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیری کەمەگا بدات.

سودانی ئاماژەی بە گرنگی ئاسایش و سەقامگیری کرد بە سەرخستنی پلانەکان و پشکشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان، هەروەها حکومەت سەرکەوتوو بووە لە بەڕێوەبردنی هاوکێشەی کاری خزمەتگوزاری لە چوارچێوەی دەستبەرکردنی سەقامگیری ئەمنیدا، بە شێوەیەک کە ڕەگا لەبەردەن ئەو کەسانە دەگرێت کە بەدوای شکستی پرسەی سیاسیدا دەگەڕێن و ئاماژەشی بەوەدا ئەو فاکتەرانەی کە بەدوای ئاژاوەدا دەگەڕێن ئامانجیان تەکدانی تواناکانی عەراق و کۆنترۆڵکردنی بەیاری ئەمنی و سیاسی و ڕاگرتنی جوڵەی گەشەکردنە.

هەروەها سودانی ئاماژەی بە پێویستی کارکردن کرد بە بنیاتنانی ڕێکی گەورەتر بە پکهاتەکانی دەزگاکە لە بواری هەواڵگری و تەکنیکی و پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای مەدەرن و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی پشکوتوو، جەختیشی کردەوە لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەر کاریگەرییەکی سیاسی یان کەمایەتی کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر پیشەیی جەبەجەکردنی ئەرک هەبێت.

سودانی بە شانازییەوە یادی قوربانییەکانی شەهیدە پاڵەوانەکانی دەزگاکەی کردەوە و جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەموو هەوڵەک بدرێت بە گرنگیدان و چاودێری کردنی بنەماڵەی شەهیدان، هەروەها مافەکانی کارمەندانی دەزگاکە لە چوارچێوەی ئەولەویەتی کارە ئیدارییەکانی سەرکردایەتی دەزگاکەدا بێت بە دابینکردنی هەموو ئامرازەکانی چاودێری و دەستبەرکردنی مافەکانیان.